KCCRC

Political Studies

# حزبی سیاسی
## له دووڕیانی نەریتگەرایی و گۆڕانکاریدا




٨١ زنجیره بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# حزبی سیاسی لە دووڕیانی نەریتگەرایی و گۆڕانکاریدا

کارزان کاوسین

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٨١

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

# حزبی سیاسی لە دووڕیانی نەریتگەرایی و گۆڕانکاریدا

کارزان کاوسین

## پێشەکی

حزبی سیاسی بەو فۆرمەی لە ئێستادا هەیە ڕەگ و ڕیشەی لە مۆدێرنیتەدایە و لە وڵاتانی خۆرئاوادا بە چەند قۆناغێکی گەشەی سیاسیدا ڕەتبووە. بە درێژایی مێژوو، حزبی سیاسی ئامرازێک بووە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، بەڵام شێواز و ڕێگاکانی دەسەڵاتگرتنە دەست بەگوێرەی هەر فەزا و باروودۆخ و وڵاتێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەکاتێکدا کە حزبی سیاسی مۆدێرن کار لەسەر پرۆگرامی خۆشگوزەرانی، خزمەتکردنی هاوڵاتیان و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپی تر دەکات، حزبی نەریتگەرا باوەڕی بە سندوقی دەنگدان و دیموکراسی و دەستەودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات نییە. سەرباری هەموو ئەمەش، هەندێ حزبی سیاسی لە وڵاتانی دیکتاتۆری و دواکەوتوو و هەندێ لە وڵاتانی ڕوولەگەشەش، حزبە سیاسییەکان بەرهەمی پێویستی سەردەمن نەک دەرهاویشتەی مێژوویی و گەشەی سیاسی. لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی حزبی سیاسی و ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

## حزب و پۆلێنکارییەکانی

حزبی سیاسی کە بنچینە مۆدێرنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەی ئەمەریکا و ئەورووپا، ئامرازێکی گرنگی پەراوەکردنی سیاسەت و گەیشتنە دەسەڵاتە، چ بە شێوازی شۆڕشگێرانە یان دیموکراتی. بە گشتی دوو جۆر حزبی سیاسی هەیە کە دەکرێت پۆلێنبەندی بکرێن بۆ حزب لەسەر بنەمای کادر و حزب لەسەر بنەمای جەماوەر، هەرچەندە لە هەندێ وڵاتدا حزب هەیە کە لەسەر هەردوو بنچینەکە بونیاد نراوە. لەبەرئەوەی حزب ئامرازی گەیشتنە بە دەسەڵات، لە ڕێگەی ئەو پەیڕەوەی بۆ خۆی لە ڕێگەی کۆنگرە و کۆنفرانسیۆنەوە دایدەنێت و لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامەی هەڵبژاردن کە دەیخاتەڕووی جەماوەر، تایبەتمەندییەکی دینامیکی هەیە و بەم هۆیەوە خۆی لە لەنێوچوون یان گۆشەگیربوون دەپارێزێت. بەڵام حزب بەهۆی خۆبواردن لە میکانیزمەکانی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە و چەندەها ڕێکاری تر، ڕووبەڕووی ناکارابوون دەبێتەوە. حزبە نەریتییەکان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕوولەگەشەدا ڕێوشوێنی نەریتی و نادیموکراتیک بەکار دێنن بۆئەوەی مانەوەیان مسۆگەر بکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندەها ئاڕاستەگیری و مەیلی کلێبتۆکراسی و نیپۆتیزم و ئۆلیگارکی و هی تر، کە دەستەبژێری حزب لە حوکمڕانیدا کاری لەسەر دەکات. بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی فراوان کە دامەزراوەی دیموکراتی نیشتمانی (NDI) لە ساڵی ١٩٨٣ەوە لە زیاتر لە ٥٠ وڵات ئەنجامیداوە، سێ تایبەتمەندیی حزبە سیاسییە سەرکەوتووەکانی ناسیوەتەوە، کە لەسەروو سنوورە جوگرافی و ئایدۆلۆژییەکانەوەن. بەگوێرەی دامەزراوەکە، لەسەرانسەری جیهاندا، حزبە تەندروستەکان ئەوانەن(١):

١- سترەکتۆرە دیموکراتییە ناوخۆییەکان دەهێننە کایە و دەچەسپێنن.

٢- برەو بە شەفافیەت و لێپێچینەوە دەدەن و تۆکمەی دەکەن.

٣- بە بەردەوامی وزە دەدەنەوە بە ئەندامێتی، ئەمەش لە ڕێگەی گەیشتن بە سێکتەرە نوێکان.

حزبی سیاسیش وەک هەر ڕێکخراوێکی تر پێویستی بەوەیە هەرەمی ئیداری هەبێت و هەر بەشێک لە بەش و ئۆرگانەکانی بەکاری خۆی هەستێت. دەشێ ئەم پەیکەرە لە فلۆ چارتێکدا پیشان بدرێت بۆئەوەی بزانرێت هەر ئۆرگانێک یان دامەزراوەیەک کەی و بە چ کارێک هەڵدەستێت و لەسەرەوە و لە خوارەوە بە چ دەزگا

و دامەزراوەیەکی ترەوە رایەڵ دەبێتەوە. بێگومان پەیڕەو، پلاتفۆرم یان دەستووری حزب کە لە هەر کۆنگرە یان کۆنفرانسێکدا لەلایەن ئەندامانەوە پەسەند دەکرێت، ئەم کار و بەرپرسیارێتیانە دەستنیشان دەکات و سزا و پاداشتەکانیش دەخاتەڕوو. بەڵام مەرج نییە ئەم دەستوور و پەیڕەوە بەشێوەیەکی دەقاودەق بخرێتە کار و لەوانەیە هۆکارێکی ئەمەش دروست نەبوونی پشێوی بێت لەسەر حسابی گۆڕانکاری لە ڕیزەکانی حزبەکەدا. لەم ڕووەوە، نموونەی حزبێک کە بەشێوەیەکی گشتی ناکارایە ئەوەیە کە «پێکهاتووە لەو خەڵکانەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیان ڕوون نییە»(٢). بەڵام حزبی نەریتی هەموو کاتێک هەوڵدەدات زۆرترین خەڵک لەژێر سێبەرەکەیدا کۆ بکاتەوە نەک

> **حزب پێویستە زیاتر بە ئاڕاستەی حزبی بزاوت و دەنگدەر هەنگاو بنێت و کەمتر پشت بە ئەندامێتی ببەستێت**

ئەوەی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵەکان دیاری و ئاراستە بکات.

### ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی حزب دەبنەوە

ئەمڕۆکە حزبە سیاسییەکان لەژێر فشارێکی گەورەدان و لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیا بەرەو کزی و لاوازبوونی بناغەی جەماوەری دەچن. بە گوێرەی توێژینەوەکان، هۆکارێکی ئاوابوونی پشتیوانی جەماوەری بریتییە لە «لاوازی حزبە سیاسییەکان لە گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا و لێرەوە وەڵامدانەوەی داواکاری و چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیان»(٣). لە گەرمەی تەنگژە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکاندا، حزبە سیاسییە گەورەکان دەردەکەون و حەشاماتێکی زۆر لەدەوری ئەو دۆز و دروشم و ئامانجانە کۆ دەبنەوە، بەڵام پێ بە پێی تێپەڕینی کات و لەگەڵ گورتێکەوتنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا خواست و چاوەڕوانییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و کێشەکانی ژیان و کەلتوور ئەولەویەت وەردەگرن. لەم سۆنگەیەوە، تەکنۆلۆژیای هەواڵ ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە ڕۆشنایی خستنەسەر کێماسییەکانی حزب و سەرنجی گشتی بەلای ناکاراییەکانی حزبدا ڕاکێشاوە لە نەتوانینی پابەندبوون بە دروشم و بەرنامەکانی و ئەو گەندەڵییانەی کە لە کار و چالاکییەکانیدا دەیکات، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە پەیوەندی هەیە بە بەکاربردنی کەسی و دەستبردن بۆ سامانی گشتی. ئەزموونی ئیتاڵی لە بەکاربردنی ڕێکخراوی سەرچاوە گشتییەکان بۆ حزب و دەوڵەمەندکردنی کەسی، نموونەیەکی گرنگە بۆ گشتاندنی بەسەر زۆرێک لە دیموکراسییە ڕوولەگەشەکانی تری جیهاندا(٤). ئەمڕۆکە شەفافییەت لە بەڕێوەبردن و سیاسەتکردندا بنەمایەکی زۆر جەوهەرییە بۆ ئەوەی حزبی سیاسی بەردەوامی بەخۆی بدات و بتوانێت لە تێستی جەماوەر دەرچێت. یەکێک لەو جیاوازیانەی حزبی نەریتی و حزبی مۆدێرنی پێدەناسرێتەوە ئەوەیە کە حزبی مۆدێرن سکانداڵەکانی ئەندام و ڕێبەرەکانی پەردەپۆش ناکات و والایە بەرانبەر میدیا و دەسەڵاتی دادوەری. بە پێچەوانەوە، حزبی نەریتی بەرگی شەخسەکانی خۆی دەپۆشێت و تۆمەت و ڕەخنەکان ڕەتدەکاتەوە و سکانداڵەکانی ئەندام و ڕێبەرەکانی دەشارێتەوە.

لەناو وڵاتانی خۆرهەڵاتدا، حزبی کۆمەنیستی چین یەکێکە لەو حزبە دیارانەی کە لە کۆششێکی زۆردایە بۆئەوەی باڵانسێک لەنێوان نەریتگەراییەکەی کە لە نوخبەگەرایی و کۆمەنیزمدا خۆی دەبینێتەوە و مۆدێرنیتیدا کە لە گەشەپێدانی ئابووریدا خۆی دەبینێتەوە، بەرقەرار بکات. خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی گۆڕەپانی (تیانامێن) لە شانگهای لە ١٩٨٩دا لەپێناو بەرقەرارکردنی دیموکراسی

نیشانەیەک بوو بۆ کۆتاییهاتنی تەواوەتیی ماویزم، بەڵام وێڕای سەرکوتکردن و ئەو کوشتارەی دروستبوو. هەرچەندە ڕیفۆرمەکان لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستپێکردبوو، بەڵام ئابووریی بازاڕی تازە چەکەرەکردوو تەنیا دەستەبژێرێک لێی سوودمەند بوون و سیستمی تاکحزبی دەبووە هۆی زەوتکردنی ماف و ئازادییەکان. بەڵام ئەم حزبە لەو سەروەختەوە وێڕای وریایی لەبەرانبەر هۆکارەکانی دروستبوونەوەی ڕووداوێکی وەها، زەمینەیەکی ئابووری زیندووی شانبەشانی ڕیفۆرمی ئیداری و لێپێچینەوە ڕەخساندووە. بۆ نموونە: لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، حزبەکە بە ڕادەیەکی بەرچاو سوپای پاڵاوتەوە ناو بارەگاکانی و لە کۆنگرەی ١٩٩٢وەوە کەسێکی سەربازی بۆ کۆمیتەی نوێنەر، کە بازانەی ناوەکی سەرکردایەتییە، هەڵنەبژاردووە. لەکاتێکدا کە پانزە ساڵ پێشتر زیاتر لە نیوەی مەکتەبی سیاسی بریتی بوون لە ئەفسەرانی سەربازی. ساڵی ١٩٩٨، جیانگ زیمین بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دەرکرد بۆ ئەوەی سوپا لە بزنسی بازرگانیی بەرفراوان بێتە دەرەوە لەکاتێکدا کە بزنس ئەفسەرانی باڵای گەندەڵ و بێ ئاگا کردبوو. بەهاتنە دەرەوە لە بزنس و سیاسەتی ڕەسمی، ژەنەراڵەکان کەیسی بونیادنانی هێزێکی دەریایی، ئاسمانی و سوپایەکی ئاست جیهانییان کەوتە ئەستۆ(٥). هەرچەندە حزبی کۆمەنیستی چین بە حزبێکی نادیموکرات لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ سیاسەتی مۆدێرن و بوژاندنەوە و ڕیفۆرمی ئابووری، بناغە جەماوەرییەکەی پاراست. لەلایەکی ترەوە، وێڕای باشبوونی ئابووری و کەمبوونەوەی سەرکوتکردنەکان، «٨٣ ملیۆن ئەندامی حزبی کۆمەنیست کە لە ٦٪ی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن، لەبەرانبەر ئەمەکدارییاندا، لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییان هەیە»(٦). لەکاتێکدا کە سەدەی پێشوو حزب و بزاڤە شۆڕشگێڕەکان لەوپەڕی بەهێزی جموجۆڵدا بوون، توانیان مەیل و هەواداریی زۆر لە وڵاتانی بلۆکی کۆمەنیستیدا بەکێش بکەن و ئەم هەوادارییە کادرێک یان ئەندامێکی حزبێکی چەپی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی دەکردە سەرسامێکی گەورەی گەریلایەکی چیاکانی کوبا و ئۆرۆگوای. بەڵام هەڵوەشانی بلۆکی سۆڤێت و کز بوون و هەڵوەشانی ئایدۆلۆژیاکەی، ئاراستەیەکی نوێی بەلای ڕاست و سێنتەریزمدا هێنایەکایەوە کە زیاتر لەگەڵ ئابووریی بازاڕدا دەهاتەوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا «گەشەی ئابووری و گرنگیی پەیتا پەیتا زیادبووی دەوڵەتی خۆشگوزەرێنی، زەمینەسازیی گەڵاڵەکردنی ئەو پرۆگرامانەی کردووە کە مەرج نییە چیتر دابەشکەر یان حزبیانە بن، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندیی هەموان یان زۆرینەن»(٧). حزبە سیاسییە نەریتییەکان بەهۆی نەتوانینی وەڵامدانەوەی داواکارییە زۆربووەکانی هاوڵاتیان و فشاری پەرەسەندوو بۆ گونجان لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم، چ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بن یان لە دەرەوەی دەسەڵات، بەرەو لاوازی دەچن و بەهیچ ئەلتەرناتیڤێک ناتوانن بگەنەوە ئەو سەنگ و قورساییە جەماوەرییەی کە بووە هۆی سەرهەڵدانیان.

## حزب و خۆنوێکرنەوە

حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید یەکێکە لە حزبە هەرە گەورە و سەرکەوتووەکانی سوید کە بەهۆی ڕۆیشتن لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهاندا خۆی گونجاندووە وتوانیویەتی تا ئاستێکی زۆر وەڵامگۆی چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیی سویدی بێت. سۆسیال دیموکراتی سویدی سیستمێکی کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکات کە بناغەیەکی جەماوەریی بەهێزی هەیە و بە ئەستەم هیچ حزبێکی سیاسیی دژی دەوەستێتەوە(٨). لەم سۆنگەیەوەیە کە سۆسیال دیموکراتەکان پێیانوایە ئازادیی مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە هەموو خەڵکی بایی پێویست سەرچاوەی ماددییان لەبەردەست بێت و مافە کۆمەڵاتییەکانیان هەبێ(٩). ئەوەی حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید بۆی تێدەکۆشێت باڵانسێکە لەنێوان تاکگەرایی سەربەخۆیانە و دەوڵەتی بەهێز و باش کە دەبێتە بنەمای خۆشگوزەرێنی.

زۆرێک لە حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕووڵەگەشە لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە پێکهاتوون و بە بزاڤی شۆڕشگێڕی ئەزموونی کۆلۆنیالیستیدا گوزەریان کردووە نەک ئەوەی زادەی مێژوویەکی درێژی گەشەی سیاسی بن. حزبی سیاسی لە ئەقلیەتی گشتیی ئەو وڵاتانەشدا

وەک نیشانەیەکی مۆدێرنیتەی سیاسی دەبینرێت، بۆیە نوخبە سیاسییەکان لە هەر باکگراوندێکەوە هاتبن خۆ ڕێکستنەوەیان لە ڕەوتێکدا بەناوی حزبی سیاسی بە زەروور زانیوە. لەم ڕوانگەیەوە، لەوانەیە دەستەبژێرانی سیاسی، حزبی سیاسیان دروستکردبێت بەبێ ئەوەی هەلومەرجی دروستکردن و بەرقەرارکردنی حزبی سیاسی لەئارادا بووبێت و ئەوەی دروستکراوە تایبەتمەندییەکانی حزبی سیاسی هەبووبێت(١٠).

شەپۆلی بەجیهانیبوون و تەکنۆلۆژیای میدیا پەیتا پەیتا زیاتر دەنگدەر بەرانبەر بەڕێوەبردن و سیاسەت هۆشیارتر دەکەنەوە و لێرەوە بەتایبەت فشاری زیاتر دەخەنە سەر حزبە گەورەکان بۆ ڕیفۆرم و بەتەنگەوەچوونی داواکارییەکان. یەکێک لە ئالنگارییە هەرە گەورەکانی ئەم سەردەمە لەبەردەم حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی رووڵەگەشەدا مۆدێرنیزەبوونە لەو شوێنانەی کە دەتوانێت بەرگەی بگرێت. بۆ نموونە، پێویستە حزب:

- سەرچاوە داراییەکەی بە دامەزراوەیی بکات.
- لێپێچینەوە و شەفافییەت پەیرەو بکات بۆ ئەوەی نەبێتە ئامرازێکی خۆدەوڵەمەندکردنی کەسی.
- زیاتر بە ئاڕاستەی حزبی بزاوت و دەنگدەر هەنگاو بنێت و کەمتر پشت بە ئەندامێتی ببەستێت.
- پرۆگرامێکی کردارەکی دابڕێژێت کە ڕەنگدەرەوەی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕەکەی بێت نەک ئەوەی ئایدۆلۆژیا و مێژووەکەی لە پرۆگرامێکی ئایدیالدا ڕەنگ بداتەوە.

بۆ نموونە حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی کار لەسەر پرەنسیپی هاریکاری و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام ئینتەرناسیۆنالیزم وەک بەهایەکی لەبرەوکەوتوو و ناکردارەکی بەلاوە ناوە.

سەرباری ئەوەی کە وترا، مەرج نییە حزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی مۆدێرندا دوور بن لە تەنگژە و ئالنگارییەکان. بۆ نموونە یەکێک لەو گرفتە گەورانەی حزبی لیبرال دیموکرات و حزبی سۆسیال دیموکراتی ژاپۆنی بەدەستیەوە دەناڵێنن بریتییە لە باڵباڵێن (factionalism) بە جۆرێک کە حزبی لیبراڵ دیموکراتی لە لێواری دارمان نزیک کردۆتەوە. هەرچەندە ئەنجێلۆ پانێبیانکۆ دەڵێت دواجار حزبەکان بریتین لە هاوپەیمانێتی نەک ڕێکخراوی لەناوخۆدا یەکگرتوو(١١)، بەڵام هەبوونی مەرکەزیەت، ڕێکخستن و بەڕێوەبردن پێوستییەکی بنچینەیی هەر حزبێکی سیاسییە.

### دەرەنجام

حزبی سیاسی لە هەر فۆرمێکدا خۆی بخاتەڕوو، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە، بەڵام هەموو حزبێکی سیاسی وەڵامگۆی بنەماکانی مۆدێرنیتە نییە و هەندێکیان لەناوەڕۆکدا هێزێکی کۆمەڵایەتی پێکەوەلکێنراون بۆئەوەی سەرنجی حەشامات ڕابکێشن. حزبیش وەک هەر

> حزبی نەریتی هەموو کاتێک هەوڵدەدات زۆرترین خەڵک لەژێر سێبەرەکەیدا کۆ بکاتەوە نەک ئەوەی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵەکان دیاری و ئاڕاستە بکات

هێز و گروپ و ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە نوێبوونەوە و جوڵان، داڕشتنەوەی پەیڕەو و ڕێکخستنەوەی ئۆرگان و هەڕەمەکەی هەیە بۆ ئەوەی تووشی هەڵوەشان و لێکترازان نەبێتەوە. لە هەر وڵاتێکدا بێت، پێشکەوتوو یان رووڵەگەشە، حزبی سیاسی دەکەوێتە بەردەم ئالنگارییە بێ چەندوچوونەکانی گۆڕانکاری مۆدێرنیزەبوون. هەندێک لە حزبە سیاسییەکان ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی پرکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک پرۆگرامەکانیان دارێژن و بیخەنەکار و هەندێکی تر، هەرچەندە مۆدێرن نین،

بەڵام هاوسەنگییەک لەنێوان نەریتگەرایی و مۆدێرنیتەدا بەرقەرار دەکەن و خوازیاری ئەوەن لە سیاسەت و ئابووریی هاوچەرخ دانەبڕێن. زەمان و زەمینەی هەر وڵات و ژینگەکەی، وا لەسەر حزبی سیاسی پێویست دەکات دەست بە جۆرێک ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕەوە بگرێت کە بەلای جەماوەر و دەنگدەرەوە نامۆ نەبێت و لە پرۆگرامەکەیدا بیسەلمێنێت کە وەڵامگۆی دروشم و داواکارییەکانە و ئەمەش لە ئەرزی واقیعدا پیادە بکات. وەک چۆن حزبی سیاسی لەمڕۆدا بەرگەی قورسایی هەندێک لە گۆڕانکارییە خێراکان ناگرێت ئەگەر ئاستێک لە ڕیفۆڕم لەسەر حسابی نەریتگەرایی نەخاتەکار، بەهەمان شێوەش ناتوانێت خۆی لە بەجیهانیبوونی سیاسی و ئابووری بوێرێت کە تەکنۆلۆژیای میدیا بە ئاسانترین شێوە بەرجەستەی دەکات.

سەرچاوەکان:

1-Best Practices of Effective Parties: Three training modules for political parties, NDI for International Affairs. Edited by Erica Breth and Julian Quibell, 2003.

2-Ibid P 12

3-Larry Diamond and Marc F. Plattner, Political Parties and Democracy, The Johns Hopkins University Press, 2001. P xi

4-Donatella della Porta, "Social Capital, Beliefs in Government, and Political
Corruption," in Susan J. Pharr and Robert D. Putnam, eds., Disaffected Democracies, 202–28

5-Richard McGregor, The Party, The Secret World of China›s Communist Rulers, July 31, 2012, P 114-116

6-Reza Hasmath, The secret to the Chinese Communist Party's success, November 13, 2012, retrieved on Sept 4, 201904-09-

7-Richard S. Katz and Peter Mair, Changing Models of Party Organization and Party Democracy: The Emergence of the Cartel Party, Party Politics 1995, P 7

8-Lars Trägårdh, Is the 'Swedish Model' of Social Democracy Endangered? Sept 17, 2018 www.thenation.com

9-DEVIN JOSHI and NEHA NAVLAKHA, Social Democracy in Sweden, Economic and Political Weekly, Vol. 45, No. 47 (NOVEMBER 202010 ,26-), pp. 7380-

10-J . LAPALOM BARA & MWEINER, Political Parties and Political Development, PRINCETON UNIVERSITY PRESS, 1966, P 4

11- Larry Diamond and Marc F. Plattner, Political Parties and Democracy, The Johns Hopkins University Press, 2001. P xxii

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS